کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-4-2007 22:38

## لە دواناوەندی بیارە... ڕێوشوێنی ئەمنی توندو تۆڵ گیرایەبەر.. !!! هێرش بیارەیی

کاتێك باس لەپرۆسەی خوێندن دەکرێت، ئەوا باس لەو سێکوچکەیە دەکرێت کەپرۆسەی خوێندن بەردەوام دەکات (مامۆستا – خوێندکار – خوێندنگا) چونکە بەبێ هەریەکێك لەم سێکوچکەیە تەنانەت پرۆگرامی خوێندنیش بەهای نییەو هیچ مانایەك بەدەستەوە نادات، هەرحاڵەتێکی کەموکوڕی و ناتەواویش لەهەریەکێك لەو پێکهاتانەدا هەبێت ئەوا کاریگەری خراپی بۆ سەر پرۆسەی خوێندن دەبێت.

لێرەدا من وەك خوێندکارێکی دواناوەندی بیارە نامەوێت باس لەکۆمەڵە بابەتێك بکەم وەك (سی دەوامی خوێندنگای بیارەو کەموکوریەکان و.. هتد)، بەڵکو ئەمەوێت پەنجەلەسەر پیت دابنێم ئەویش بریتیە لەمەسەلەی وەلامدانەوەی مۆبایل لەکاتی وانە ووتنەوەداو لەناو هۆڵی وانە ووتنەوەدا، کاتێك یەکێك لەمامۆستاکانمان بەناوی (ئومێد حسن محمود) کەمامۆستای زمانی ئینگلیزییەو لەگەڵ ئەوەشدا کەدەرچووی پەیمانگایە، بەلام بەوانەبێژی وانەی زمانی ئینگلیزی پۆلی شەشەمی وێژەیی دەلێتەوە، لەکاتی وانەکەماندا مۆبایلەکەی دانەخستبوو بۆیە لەگەڵ جەرەسی مۆبایلەکەیدا لەناوخوێندکارەکاندا دەنگەدەنگێك دروستبوو... ها ئیش کرایەوە.. ها ئیش کرایوە دەستی پێکرد... !! بەلام مامۆستا زۆر بەئاسایی لەجیاتی ئەوەی داوای لێبوردن بکات مۆبایلی هەڵگرت و دەستی کرد بەوەلام دانەوەی مۆبایل و ئیتر نەپیرۆزی هۆڵی وانە ووتنەوەو نەپیرۆزی پیشەی مامۆستایەتیشی ڕەچاو نەکردو خوێندکارانیش گوێگربوون بەلام بۆ وانەی زمانی ئینگلیزی نا... بەڵکو بۆ تێلی کوردی... ئەمەش بەهەرحاڵ!!

دوای چەند خولەکێك مۆبایلی مامۆستای بەڕێز جرسێکی جیاوازی بۆ هات ئەویش کورتەنامە بوو، بەهەمان شێوە مۆبایلەکەی دەرهێناو کورتەنامەکەی خوێندەوەو ئیتر وانەکەی بڕی دەستی کرد بەنووسینی کورتەنامە بۆ وەلامی کورتەنامە هاتووەکە، ئەمەش لەوانەیەکدا کەماوەکەی تەنها (30) دەقیقەیە... ئەمەش بەهەرحاڵ!!

بەلام ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام ڕۆژی پێنج شەممە (2007/3/1) لەوانەی یەکەمدا، مامۆستا ئومێد وەك لەبازگەیەکی توندو تۆڵی ئاسایشدا فەرمانبەر بێت و ڕێوشوێنی ئەمنی گرتبێتە بەر خۆی کرد بەهۆڵی وانە خوێندناو دەستی بەپشکنین کرد، کە مامۆستایەکی ئافرەتیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو بۆ ئەوەی ئەویش خوێندکارە کچەکان بپشکنێت چونکە خوێندکاری کوڕان و کچان تێکەلاوین ئیتر هەرچی مۆبایلی خوێندکاران بوو کۆی کردەوەو بردی بەبێ ئەوەی هیچ خوێنکارێك تاوانێك یان سەرپێچیەکی لەیاسا هەبێت و نەی هێشت خوێندکاران میموری ناو هاندەکانیان دەربهێنن کەشتی تایبەتی و شەخێی خۆیانی تێدایە، چونکە پێویستە مۆبایلەکان پشکنینیان بۆ بکرێت لەبواری دەنگ و ڕەنگ و کورتەنامەکاندا.. !!!

من ئەم چەند خاڵە بچوکە دەخەمە پێش چاوی ئەو مامۆستا بەڕێزەو بەڕێوەبەری خوێندنگاکەمان کەئاگای لەم پشکنینە نیەو بەرپرسانی پەروەردەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان:-

1. ئایا ئەمە خوێندنگایە یان بازگەی ئاسایش؟
2. ئایا خوێندکارەکان تاوانبارن و سەرپێچی یاسایان کردووە یان مامۆستای بەڕێز؟
3. ئایا مامۆستای وانە بێژ بەبێ ئاگاداری بەڕێوەبەری خوێندنگا دەتوانێت ئەم شێوە هەڵسوکەوتانە بکات؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

4. مامۆستای بەڕێز جەنانت مۆبایلەکان لەئێمە وەردەگریت، ئایا ئەو بەڕێزە کێیە کەبتوانێت مۆبایلەکە لەتۆ وەربگرێت، چونکە زۆرم پێخۆشە ئەم مەسەلەیە بگەیەنمە لای بۆ ئەوەی ئەمجارە لەوانەیەکی 30 دەقیقەییدا هێندە بەتەلەفۆن و نامەنووسینەوە کات بەفیرۆ نەدەیت؟
5. ئایا مامۆستا گیان لەخوێندنگاکەماندا پیاومان لەماڵەوە نییە، بەسەر ئەو هەموو مامۆستا میلاکەی خوێندنگاکەماندا، جەنابتان وانەبێژێکن و مامۆستای سەرەتایین بەم ئەرکە هەڵدەستن؟

خوێنکاری شەشەمی وێژەیی
هێرش بیارەیی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.